# نیتشه و.... وەهای گوت زەردەشت..!!

د. ئەحمەد میراودەلی

لە نێوەندی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا, خویندکاری پۆلەکانی دوا نێوەندی بووم. ئەوکاتەش هەستی کوردایەتی ورووژابوو , زوربەی لاوی کود وێڵی زانیاری, مێژوو و کولتوور و کەلەپووری نەتەوەکەمان بووین, بەش بەحاڵی خۆم بەشوێن ئاینی دێرینی کوردەواریدا دەگەڕام. لەو کاتەدا جگە لەوەی هەندێك کەس کەمەکێکی بێ بەڵگەیان دەزانی, هیچ نوسراوێکی کوردی دەربارەی ئاینە دێرینەکەمان لەئارادا نەبوو. بەهەرحاڵ پاش پرسیارلە چەنددۆست و خزم و برادەران, ناونیشانی کتێبەکەی نیتشەم وەرگرت(هكذا تكلّلم زارادثوسترا). زۆر دڵنیاش نیم کە ناوی زەردەشت (دروودی ئەهوورا مەزدای لەسەربێ) بەو شێوەیەی نێو دوو کەوانەکەی سەرەوە نوسرابوبێ لە وەرگێڕاوە عەرەبیەکەدا, لەبەر ئەوەی نیتشە بە ئانقەست ناوی زەردەشتی وەك (زارادثوسترا) نوسیوە.

ئەوکات زمانی عەرەبان وەك ئێستا بەڵەد نەبووم و لەسایەی ئێزدانەوە ئێستاش باش بەڵەدی نیم. پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك, لە پەرتوکەکە بێزار بووم و گەڕاندمەوە بۆ کتێبخانەی شار. لەم چەند ڕستەی سەرەوەدا مەبەستم بوو ئەوە دەرخەمکە زۆر کەس لەو بڕوایەدا بوون کە ئەوە نامەکەی زەردەشتی نەمرە بۆیە ناونیشانیان دایە من.

دوای ئەوەی گەیشتمە هەندەران و هەندێك زانیاریم لەسەر ئاینە پیرۆزەکەی زەردەشت پەیداکرد و جارێکی دی ( وەهای گوت زەردەشت)م خوێندەوە, ئەو پرسیارە کەوتە هزرم, بۆ دەبێ نیتشە, گەورەترین فەلسەفەی خۆی, لەژێر ئەو ناونیشانەدا بڵاو کردبێتەوە..؟یان بۆ زەردشتی کردۆتە زمانحاڵی خۆی ؟

زۆرکەس بەناوی کەسایەتی دیکەوە نوسیویانە کە لەخۆیان بەناوبانگتربوون یان زۆر ناسراوبوون, بەڵام ئەوجۆرە نوسینانە, بەگشتی لە بیروڕای زمانحاڵەوە نزیکن.

هەرکەسێك کەمێك زانیاری لە سەر هەردوو بابەتە فەلسەفییەکەی نیتشە و زەردەشت هەبێ , دەزانێ کە زەردەشت (درودی مەزدای لەسەر بێ) وەهای نەوتووە. ئەی بۆ نیتشە وەها دەڵێ ؟

ئەو بەرهەمەی نیتشە بەشدارییەك بوو لە فەلسەفەی ئەو سەردەمەی ئەورووپا و پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە ئامۆژگارییەکانی زەردەشتی نەمرەوە نیە. ئەی بۆ ئەو ناوەی لێناوە؟ جگە لەویش (ڕیدچارد شتڕاوس) یەکێك لە سیمفۆنیە گەورەکانی خۆی ناوناوە(وەهای گوت زەردەشت). شتڕاوس هەموو وەستایی خۆی لەو پارچە سیمفۆنیەدا بەکار هێناوە و یەکێکە لە جوانترین دەنگی ئامێری با (هەوایی) لەمێژووی ئۆرکێستڕادا کە هەتا ئێستاش بێ وێنەیە. دیسانەوە پرسیار ئەوەیە بۆ شتڕاوسیش ئەو ناوەی لەو پارچە ئاوازە سیمفۆنییەی ناوە؟

هەرچەندە فەلسەفەکەی نیتشە باش ناسراوە لای خوێندکارانی زمان و فەلسەفە و ڕۆشنبیرانیش وەلی نەیتوانیوە ناوبانگی زەردەشت (دم) بە خەلکی سادە ڕاگەیەنێ وەکو پارچە ئۆرکێستڕاکەی شتڕاوس, یان فلیمە

بەناوبانگەکەی ستانلی کوبریك ( داستانی ئاسمانی 2001 ) کە پارچە ئاوازە ئۆرکێستڕاکەی شتڕاوسی لە سەرەتای فلیمەکەدا بەکار هێناوە ؟

دەتوانین ناوی ژمارەیەکی زۆر فەیلەسوفی مەزن ڕیزکەین, بەڵام بەلای زوربەی ئەڵمانەکانەوە نیتشە گورەترینیانە ! ! دیارە شتڕاوس بۆ ڕێزگرتن لە نیتشە ئەو ناوەی پەسەند کردوە و هەڵبژاردنیشی لەلایەن کوبریکەوە بۆ پشتگیری نیتشەیە. بەڵام نە فلیمەکەی کۆبریك ونە ئاوازەکەی شتڕاوس, بۆمان دەرناخا بۆچی فەیلەسوفێکی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە پەیامبەری دێرزەمانی ئێرانی کردۆتە زمانحاڵی خۆی.

نوسین لەسەر نیتشە زۆرن دوا مردنی, کیوێکیان لێ دروست دەبێ, بەڵام تەنها لەنوسینەکانی نیتشە خویدا بۆمان دەردەکەوێ بۆ زەردەشتی(د م) کردۆتە زمانحاڵی خۆی.

نیتشەزانیویەتی, زەردەشت یەکەم کەس بووە تێگەیشتوە کە بەربەرەکانێی نێوان چاکەو خراپە ڕەوڕەوەی سەرەکی هەموو ڕووداوێکن. هەموو شتێك لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکا. بێگومان مەبەست لە چاکەو خراپە هەر مانا سادەکەی نیە, بەڵکو دوو لایەنە دژەکەش دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی پێکدادانیاندا گۆڕانکاری ڕوودەدات. ئەمەش ناوەرووکی فەلسەفەی دالێکتیکە .

نیتشە لە شارۆچکەیەکی نزیك لاپزیکی ئەڵمانیا هاتۆتە دونیاوە, باوکی نیتشە قەشەیەکی لۆسەری بووە و لای ئەوانیش وەکو پرۆتستانت و زەردەشتیەکان, پرنسپی چاکەو خراپە ڕزگارکەری مرۆڤە, ئەمەش لە کاتۆلیکەکانیان جیا دەکاتەوە کەدەڵێن ڕزگاری مرۆڤ بەهۆی ڕەحمەتی خوداوەیە. باوکی نیتشە وەك پیاوێکی ئاینی بەپێی دەستووراتی ئاینەکەی کوڕەکەی پەروەردە کردووەو, پرنسپی باشەو خراپەش هەر لەسەرەتای ژیانیەوە ڕۆژانە بە گوێیدادراوە. نیتشەش وەکو هەموو منداڵێك باوکی خۆشویستووە, بەڵام هێشتا تەمەنی پێنج ساڵان بووە باوکی مردوەو بەماوەیەکی کەمیش دوای باوکی برا بچوکەکەی.

سایکۆلۆژیستەکان دەڵێن هەموو منداڵێك کە لەناکاودا دایك یان باوکیان ون دەکەن, هەست بەتاوان دەکەن و لەوە دەترسن کە هۆکاربن. نیتشە وەکو خۆی باسیکردوە کە منداڵێکی دڵتەنگ بووە و پەنای بردۆتە بەر تەنهایی, ئەوەمان بۆ دەشەلمێنێ. خێزانی نیتشە ویستویانە جێگەی باوکو باپیرانی بکرێتەوە و خۆشی لە سەرەتاوە لەو بڕوایەدا بووە کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لە ئاینیدا دەدۆزێتەوە. لەبەرئەوە بەزۆری سەرقاڵی خوێندنەوەی ئینجیل و تەوڕات بووە و لە تەمەنی چواردە ساڵیەوە دەستی داوەتە خوێندنی تیۆلۆژیا.

نێوەندی سەدەی نۆزدە, ئەو سەردەمەی کە نیتشە لاوو بووە, ئەڵمانیاش لەگۆڕاندا بووە. لەو سەردەمەدا ڕۆمانتیکی ئەڵمانی بەرەو تۆپەڵاك دەڕۆیشت لە هەموو بوارەکانی هونەر و فەلسەفەدا. ڕۆشنبیری, وەکوو جوڵانەوەیەکی سەدەی حەڤدە و هەژدەی ئەوروپا, کە خۆی لە ماقوڵی و تەبایی و دانبەخۆداگرتن و پێکەوە گونجان و زانیاریدا دەدیەوە. بەردی بیناغەی تێڕوانینێکی تازەی جیهانی داڕشتبوو, بەڵام بەرهەڵستیەکی گەورە دژی بەرز ببۆوە.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا , ڕۆمانتیکی ئەڵمانی بارێکی لەنگی وەرگرتبوو, وەکوو باسی لە پاشەملێ و ڕەقیەتی زێدەپێوەنان. لەکاتێکدا کە بیریارو هۆشمەند و زاناکان پاش گیروگرفتێکی زۆر شێوەیەکی ڕیالیستانەیان بۆ ئیشکردن و بەڕێوەبردنی دونیا داڕشتبوو, ڕۆمانتیسیزم کەجوڵانەوەیەکی نوێ بوو, لە هەموو بوارەکانی بیرو هونەر و فەلسەفەشدا, شکوگومانی خستبوە سەر زانستی بە بەرچاو دیاریش. لەکاتێکدا ڕۆشنبیری پشتگیری زاڵبونی هۆش بوو بەسەر داخوازی جەستەدا, ڕۆمانتیسیزم تێرکردنی داخوازیەکانی جەستەی لا گرنگتربوو. بەلای ئەوانەوە لەزەت بینین لەدونیا پێش هەموو شتێکیتر دێ.

نیتشە کە لەم سەردەمەدا دەژیا, کەوتە بەراوردکردنی باوەڕی ( ئەپۆلۆیی) یەکان کە باوەڕێکە لە سەر هاوسەنگی و خۆڕاگرتن وەستاوە وناوەکەی لە خواوەندی هێلێنی( ئەپۆلۆ) وەرگرتوە کە خواوەندی هاوتایی و هاوسەنگییە و دژی باوەڕی (دایۆنایسی)یە کە ڕەوانی گەورەترین هەستەو ئەویش ناوەکەی لە خواوەندێکی دیکەی هێلێنی( دایۆنایاسۆس)ی خودای سرووشت و سەرخۆشی و هەست وەرگیراوە.

بەڕای نیتشە, هەرچی هەڵیەك هەیە لەکۆمەڵای ئەوروپاییدا, هۆکارەکەی زاڵبوونی باوەڕی ئەپۆلۆیی یە بەسەر باوەڕی دایۆنایسیدا. بۆ ئەمەش پلێتۆ تاوانباردەکا.

نیتشە لە پۆلەکاتی ئامادەییدا بووە کە تیۆریەکەی داروین بڵاوبۆتەوە, ئەو تیۆرییە بۆمبایەکی هزری بوو, و بوو بەهۆی پەرشو بڵاوەپێدانی زۆر بیرو و باوەڕی داڕێژراو و جێگرتو و بڕوانەمان بە خودی خۆ. لەبەر ئەوەی تیۆرییەکە پێچەوانەی بۆچونی ئاینە لە ئافریندندا.

لەکاتێکدا زانستکارەکان سەلماندبویان کە گەردوون لەسەر بنەمای یاسای فیزیکی سرووشت دەڕواتە ڕێوە, بێ ئەوەی تاوانبار بکرێن بە هەرتەقەو ئیلحاد و بسوتێنرێن. دونیای زیندەوەر هێشتان لەژێر ڕەحمەتی خودادا بوو و دەستکاری نەکرابوو. لە تیۆری سەرچاوەی جۆرەکاندا

ژیانیش دەکەوێتە ژێر بنەمای یاسا فیزیکییەکان. هەرچەندە ئەسڵی مرۆڤ لە تیۆرییەکەی داروێندا باس نەکراوە, بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو کە ئێزدان هەر جۆرەی بە تەنها دروست نەکردوە وەکو کتێبی جێنێسیسی ئینجیل دەڵێ. ئەمەش مرۆ دەخاتە ئەو ئەندێشەیەوە کە نابێ لەو باوەڕەدابێ کە لە سەرچاوەیەکی جیاواز لە زیندەوەرانی دیکەوە هاتبێ.جا ئەگەر وەهابێ, ئایا ئەمە مرۆڤ دەخاتە خانەی ئاژەڵەوە..؟

هەموو ئەمانە بیری نیتشەیان گۆڕی لەو کاتەدا کە خوێندکاری تیۆلۆژی و ئاین بوو لە زانکۆی بۆن. کاتێك لە کتێبە ئاینییەکاندا وەڵامی بۆ پرسیارەکانی خۆی نەدۆزیەوە, دوای ئێش و ئازار و سەرلێشێوانێکی زۆر, بڕوای بە ئاین نەماو ڕووی کردە خویندنی فەلسەفەی کلاسیك. خویندنی زمانی لاتینی ویۆنانی, زمانی کۆنی ڕۆم و یۆنانییەکان.جا لەبەر ئەوەی زوربەی زۆری نوسینی لاتنینی و یۆنانی نوسینی ئاینین, ناوبانگی زەردەشتیش(دم) لەدونیای کلاسیکدا لە سەردەمی (خانتۆس)ی لیدییەوە, بەواتای لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە شوێنێکی بەرز و تایبەتی هەبوە وەکو گەورەترین دۆزەری (داهێنەری) ئاین. لەدونیای کلاسیکدا زەردەشت (دم) زانای ماتماتیك, نجومگەر و مەجیشن(ساحیر) بووە. ئاشکرایە کە فەلسەفەکەی زەردەشت (دم)

کاریگەربووە لەسەر بۆچونی فیلۆسۆف پلێتۆ, و بۆچونیش هەن کە گوایە (فیتاگۆرس ) لەژێردەستی زەردەشتیاندا فێری ماتیماتیك بووە.

لەسەردەمی ڕێنێسانسی ئەوروپادا جارێکیتر ناوی زەردەشت(دم) کەوتەوە بەردەم لێکۆڵەران, هەرکەسێك لە مێژووی شارستانێتی یان ئاین نوسیبێتی, بەڕێزەوە باسی پەیامبەری ئێرانی کردووە.

تۆماس هاید: شارەزایەکی ڕۆژهەڵاتی نێوین بوو, هەموو نووسینەکانی سەر زەردەشتایەتی کە لە زمانەکانی یۆنانی و لاتینی و عەرەبی و عیبری یەوە بەدەستی کەوتوە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا

(History of the Religion of Ancient Persians and Their Magi)

(مێژووی ئاینی فارسی دێرین و مۆغەکانی) کۆکردۆتەوە, لێرەدا مەبەست لە فارسەکان , ئێرانە (نووسەر), لەو سەردەمەوە زەردەشت (دم) لەدونیای مەسیحایەتیدا کەسایەتییەکی ناسراوە. لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا زەردەشتایەتی باسێکی سەرەکی بووە لەناو فیلۆلۆژەکاندا, نیتشە ئەوکاتە ساڵی دووهەمی زانکۆی بوو. لەوانەیە لەوساڵەدا ناوی زەردەشتی بیستبێ وئاشنای ئاینەکەی بووبێ.

ئێلیزابێت: خوشکی نیتشە وتویەتی, وێنەی زەردەشت (دم) لەخەونەکانی نیتشەدابووە پێش نوسینەکانی. نیتشە دوای ئەوەی توشی نەخۆشیەکی قورس دەبێ کە گوایە( سفلس) بوەو بەهۆی ئەوە وە واز لە دەرسدانەوە دەهێنێ لە زاکۆی باسێڵ. ئەڵێت (نەخۆشیەکەم دیارییەك بوو , کۆسپی لەڕێدا لادام و وورەی دامێ کەسایەتی خۆمبم, نەك لاساییکەرەوەی کەسێکیتر).

نیتشە تووشی تەنهایی بوبوو, لە قوتابیەکانی دابڕابوو, دەوروبەری ڕۆژ بە ڕۆژ تەسك دەبێتەوەو برادەرانی کەمدەبنەوە, کتێبەکانی ڕەواجیان نابێ. بێ وڵات بوو هاو وڵاتی سویسرایی وەرنەگرتوە, بەڵام پێویستی بە دامرکانبوە لە شوێنێك. لە ئەنجامدا لە گوندی (سایلس ماریا)ی نێو چیاکانی سویسڕا جێگیردەبێ. لەم شوێنەدا دووهەزار مەتر لەسەروو چاکەو خراپەوە, یان ڕەنگە دووهەزار مەتر نزیکتر لە ئێزدانەوە, دەستیکردۆتە نوسینی فەلسەفەکەی.

نیتشە وتوویەتی( فەلسەفە, ئەوەندەی هەتا ئێستا لێی تێگەیشتووم, ئەوە دەبەخشێ کە بەداخواز و ئارەزووی خۆت, لەنێو چیا و بەفردا بژی, بەشوێن هەمووشتێکدا بگەرێی کە نامۆبێ و بوونی جێگەی پرسیاربێ. هەمووشتێك هەتا ئێستا قەدەغەکراوە بەهۆی مۆڕاڵەوە. بەفرەکە لێرەیە, تەنهاییەکە گەورەیە, بەڵام چۆن هەموو شتێك وەستاوە, چەند بەئازادی کەسێك هەناسە ئەدا, چەند یەکێك هەست بەخۆخواردنەوە ئەکات! ..دانیشتبووم بە چاوەڕوانی هیچ !! لەپشت چاکەو خراپەوە تامی ڕوناکیم ئەچێشت, ئێستا سێبەر, ئێستا تەنها یاری, ئێستا دەریاچەکە, ئێستا نیوەڕۆ, کاتی پیرۆز بێ کۆتایی. لەناکاودا برادەر, یەك بوون بەدوو و زەردەشت بەلامدا تێپەڕی..!! یەك بوون بەدوو و زەردەشت بەلامدا تێپەڕی..؟ )

لەناکاودا نیتشە شێوەی زەردەشتی (دم) دێتە بەرچاو , ئەوجا بڕیاری سەربەخۆیی خودی خۆی دەدات. بەلای نیتشەوە ئەوە وەحی بوو, بیرێك بوو لەپڕێکدا وەك برووسکەیەك لە پێویستیدا بۆی هاتووە. ئەمجا ئەڵێت,

چارەیەکم نەبوو( وەهای گووت زەردەشت) ناونیشانەکە دەبێ. ئەمەش وای دەردەخا کە زەردەشت(دم) ووتار بێژەکەیە, نەك نیتشە زەردەشتی کردبیتە زمانحاڵی خۆی.

نیتشە ئەڵێت( بەپێویستی سەرشانی خۆم زانی ئەو زیانەی زەردەشت گەیاندوویەتی بە مرۆڤ, بەهۆی ئامۆژگارییەکانیەوە چاککەمەوە ! !....خوا مردوە, باوەڕی ئاینی دڵخۆشکەرەیە و ئارام دەدات بەمرۆڤ, بەڵام مرۆڤ بڕوای بەخۆی نامێنێ...! خودای مەسیحایەتی ناتوانێ بەرزترین ئیدیاڵی شارستانێتی ڕۆژئاوابێ. بڕوا بە خواوەند ئێستا سەنگێکی گرانە لەسەر شانی تاك و کۆمەڵگاش. سیستێمی یاسایەك کە لەسەر بڕوای ئاینی و مۆڕاڵ درووست بووبێ کەڵکی نەماوە. کاتی ئەوە هاتوە کۆمەڵێك بەهای تازە بۆ پیرۆزمەندی بێتە پێش, لەودیو چاکە و خراپەوە, لەجیاتی ئەوانەی هەتا ئێستا ئاین دایڕشتوون. بەهاو پیرۆزمەندی شتەکان لە داهێنانی مرۆڤن, چاکەی کەسێك خراپەی کەسێکی ترە. بەهەرشێوەیەکیشبێ, ئێمە هەموو بەرپرسیارین بۆ درووستکردنی بەهاو پیرۆزی و ژیان لەتەکیاندا. گرنگترین بەهاش بۆخۆمان ئەوەیە, کە لەخۆمان تێپەڕین, زۆران بگرین بۆ هەنگاوێکی دیکە لە پێشکەوتندا. سروشتی ئاژەل ئاسایی فرێدەین و ببینە بەرزەمرۆڤ (سووپەرمان). لەگەڵ ئەوەشدا کە زووربەمان نایگەینێ, ئەم بەسەرخۆدا زاڵبوونە, ئەم ئیرادەی دەسەڵاتە و زاڵیەتییە کارێکی ڕەوای هەموو مرۆڤێکە. ئەوەی پشتگیری لەم مەبەستە بکات ئەوە باشەدەکا و پشتگوێخستنی خراپەیە.)

سەدەی ڕابووردوو, سەدەی بیستەم, سەدەی زەردەشتایەتییەکەی نیتشە بوو. زووربەی زۆری هونەرمەند و نوسەر و بیریارەکانیش, ئیلهامیان لە فەلسەفەکەی وەرگرتوە. گومانیش لەوەدا نیە فەلسەفەکەی وروژێنەری زۆر باوەڕی شەڕخوازە. خۆشی پێشبینی لێکردووە و وتوویەتی.

(من چارەنووسی خۆم دەزانم, ڕۆژێك لە ڕۆژان بەهۆی کارێکی سامناکەوە خەڵکی منیان دێتەوە بیر, بەهۆی تەنگ ئاستییەکەوە کە هەتا ئەوکاتە وێنەی نەبووە لەسەر زەمین, لەسەر تەنگەژەیەکی قوڵی هزری کە بەرز دەبێتەوە دژی هەموو ئەوشتانەی هەتا ئەوکاتە بڕوای پێکراوە و پێویستی بە پاککردنەوەیە ! ! من مرۆڤ نیم من بۆمبایەکم).

نیتشە ڕاستی ووت, لەسەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا, سەدو پەنجا هەزار وێنەی پەرتووکەکەی لەگەڵ ئینجیلدا بەسەر لاوانی ئەڵماندابڵاوکرایەوە. لەشەڕی جیهانیی دووهەمیشدا, هیتلەر ماڵەکەی کردە مۆزەخانە.

لێرەدا بەناچاری پرسیارێك دەخەمە بەردەم خوێنەرانی بەڕێز, ئایا فەلسەفەکەی نیتشە نامەکەی پەیامبەری گەلانی ئێرانی پوچکردەوە..؟

بەداخەوە هەتا ئێستاش زۆر لە خوێندەوارانی کورد, وادەزانن پەرتوکەکەی نیتشە(وەهای گووت زەردەشت) ئامۆژگارییەکانی زەردەشتی مەزنە. لێکۆڵەر و توێژەرانی ئەورووپایی زۆر زوو پاش بڵاوبونەوەی پەرتوکەکە, یەخەی نیتشەیانگرت و لێیان پرسی ئەمەت لەکوێ هێناوە ؟ ئەمجا بەناچاری نیتشە لە یەکێك لە ئێکسێ هۆمۆکاندا بڵاوی گردەوە و وتی. ( من لێیان نەپرسیم, دەبوایە لێیان پرسیمایە ناوی زەردەشت لەسەر زاری کەسێکی بێ مۆڕاڵی وەکو من چ ماناییەك دەبەخشێ ؟ هەروەها لەسەری دەڕواو دەڵێ. ئەوشتەی ئەو ئێرانی یە

دەکاتە کەسایەتییەکی بێ هاوتا, بەتەواوەتی پێچەوانەی نوسینەکەی منە. زەردەشت یەکەم کەس بووە لە بەربەرەکانێی چاکەو خراپەدا ڕاستی هەمووشتێکی بەدی کردوە. ئەو ئەوکەسەیە مۆڕاڵی خستۆتە شێوەی میتافیزیکەوە و کردوویەتیە سەرچاوەی هێز. بەم کارەش هاوتای پلێتۆیە.)
ڕۆژێك لە ڕۆژانی سەرمای زستانی ساڵی 1889 دا لەشارۆچکەی تۆرین, نیتشە نزیك بە چیا خۆشەویستەکانیەوە, چیاکانی ئالپ, دەبینێ خاوەن ئەسپێك, بە بێ بەزەیی کەوتۆتە گیانی ئەسپەکەی کە لەسەر شەقامەکە لەسەر چۆك کەوتوە. ئەو فیلەسوفە مەزنە, کە بە درێژایی ژیانی دژی بەزەیی و میهرەبانی بوو و نەفرەتی لێدەکردن, بەڕاکردن لە شەقامەکە دەپەڕێتەوەو باوەش بە ملی ئەسپەکەدا دەکا و بەزەیی و هاوبەشی ئازار بۆ گیان لەبەرێکی دی دەردەبڕێ. ئەمەش دواکرداری ژیرانەو هەڵوێستی مرۆڤانەی بووە. لەو کاتەوە جارێکی دی نەگەڕاتوەتەوە سەر هۆشی خۆی. لە کۆتایی ژیانیدا نیتشە لەسەر چۆکان ڕۆیشتوە و لە ئێزدان پاڕاوەتەوە بۆ لێبوردن.
بەهەرحاڵ نیتشە وەکو مرۆڤێکی بێ بڕوا بە ئومێدی دوارۆژ نەبووە, بەڵام لەو بڕوایەدا بووە کە چاکەو خراپە دراماکە, هەرکەسەو دەبێ لە ناخی خۆیدا کۆتایی پێ بهێنێ.
خۆشەویستی نیتشە بۆ بەفر و سەهۆڵ و بەرزی چیا, ڕیگەی ئەوبووە بۆ ئەوەی بچێتە سەروو گەندەڵی زەمین و لە ئاسمان نزیکبێتەوە. لەوەدەچێ نیتشە شێوەیەکی تازەی زەردەشتایەتی بڵاوکردبێتەوە, وەکو پاوڵ گریواچیك دەڵێ ..!
کەنەدا 2004\12\25
سەرچاوەکان

1-FRIEDRICH NIETZCHE–Thus Spoke Zarathustra
2-IN SEARCH OF ZARATHUSTRA BY PAUL KRIWACZEK